## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٧٠) لە ٢٠٢٢/٩/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩١) لە ٢٠٢٢/٩/٧، ئەنجومەنی وەزیران وێڕای بە بایەخ سەیرکردنی ڕۆڵی کارمەندانی گرێبەست لە بەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتیی و پێداویستیی زانکۆکان بە خزمەتی هەڵگرانی بڕوانامەکانی ماستەر و دکتۆرا، و ئاماژە بە نووسراوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ژمارەکانی (٨٠٦٥) لە ٢٠٢٢/٨/١٤ و (٤٢٠١) لە ٢٠٢٢/٨/٢١ و نووسراوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١١٤٦) لە ٢٠٢٢/٧/٣١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ئاڕاستەکردنی هەردوو بابەتی ئاماژەپێدراوی سەرەوە بۆ (ئەنجومەنی گشتی ڕاژە) کە تازە دەستبەکاربووە لە هەرێمی کوردستان تا بەپێی تایبەتمەندیی و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پۆلێنی هەردوو بابەتەکە بکەن لەبەر ڕۆشنایی پسپۆڕیی و تایبەتمەندیی و پێداویستیی وەزارەت و دامەزراوەکان، بە جۆرێک کە بگونجێت لەگەڵ پرۆسەی چاکسازی و ڕێکخستنەوەی میلاکاتی حکومەت، هەروەها لەسەر بنەمای زانستیی و پێداویستی و پسپۆڕیی لەلایەن ئەنجومەنی گشتی ڕاژەوە، ئەم بابەتە پێداچوونەوەی پێویستی بۆ بکرێت و گەڵاڵە بکرێت بۆ بڕیاردان لە ماوەیەک لە (٣) سێ هەفتە تێپەڕ نەکات لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارە بە ئەنجومەنی گشتیی ڕاژە.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**